بەغدا و دۆحە لەسەر پتەوکردنی وەبەرهێنان و هاریکاری هاوبەش دەکەون



دکتۆر مەحمود مشهەدانی سەرکی پەرلەمان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە بەڕێز سوتان کوبەیسی باڵیۆزی قەتەر لە بەغدا کرد.

لە سەرەتای دیدارەکەدا دکتۆر مەشهەدانی بەخێرهاتنی باڵیۆزی کرد و جەختی لە قووڵایی پەیوەندیی برایەتی نێوان عێراق و دەوڵەتی قەتەر و پێویستی پەرەپێدانیان بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی برا کردەوە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پێشهاتەکانی ناوچەکە کرا، وتیشک خرایەسەر لایەنی ئابووری و بازرگانی.

مەشهەدانی جەختی لە گرنگی هاتنە ناوەوەی کەمپانیا قەتەرییەکان بۆ بازاڕی عێراق و کارکردن بۆ سوودوەرگرتن لە دەرفەتە ئومێدبەخشەکان لە سەرانسەری کەرتە جیاوازەکاندا کردەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، پەرلەمان پابەندی هەموو هەوڵەکان دەکات کە ئامانجیان هاندانی کەرتی تایبەت و دامەزراندنی گەنجان و ئاوگەڵی شارەزایی لە بوارەکانی ئابووری و وەبەرهێنانەیە.

لای خۆیەوە باڵیۆز کوبەیسی خواستی دەسەزی وئاتەکەی دەربڕی بۆ بەرزکردنەوەی هاریکاری لەگەڵ عێراق و

چوونە ناو بازاڕی ئومێدبەخشەکەی، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق، بە شێوەیەک کە هاوبەشییەکی بەرهەمدار بەدەستبهێنێت و یەکخستنی ئابووری نێوان هەردوو وڵات بەرز بکاتەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هەردوولا پابەندبوونیان بە بەردەوامی پەیوەندی و هەماهەنگی بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و بەرزکردنەوەی هاوکاریی برایانە لە نێوان عێراق و قەتەر دووپاتکردەوە.